# گـەل ڕۆژی
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٨٠) یەکشەممە ٢٠٠٧/٥/٢٧


## لۆس ئەنگلس تایمز: ئەمریکا بیر لە گۆڕینی مالکی دەکاتەوە

هەردوو ڕۆژنامەی لۆس ئەنگلس تایمز و واشنگتۆن پۆست ئاشکرایان کردووە کە حکومەتی ئەمریکا بە دوای کەسێکی شیاوی دیکەدا دەگەڕێ تا لە جێگەی نوری مالکی سەرۆکوەزیرانی عێراقی دابنێ.

پەیامنێرانی هەردوو ڕۆژنامەکە پێیانوایە کە دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر کابینەی مالکی و ئارام نەبوونەوەی عێراق، ئەمریکا کەوتۆتە خۆو هێزە سیاسیەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەتێکی نوێ هان دەدات و بە دوای جێگرێکی باشتردا دەگەڕێ.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەکان ئاشکرایان کردووە بەمەبەستی دەربازکردنی عێراق لە قەیران و کارەساتەکان لەنێو خۆی عێراقدا هەوڵێکی ڕاشکاوانە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەتێکی نوێ لە ئارادایە. ئەگەر بەرە یان هاوپەیمانیەتێکی دیکەی سیاسی لەنێوان لیستەکانی ناو پەرلەمانی عێراق پێکبێ، گۆڕینی مالکی کارێکی ئاسانەولە داهاتوویەکی نزیک بەڕێوەدەچێ، بەڵام ئەگەر ئەم بەرەیە پێکنەیەت، کاری ئەمریکا دژوارتر دەبێ.

# بەرەی گۆڕان پێشنیاری ئاشکراکردنی سامانی بەرپرسان دەکات و لایەنەکانی دیکە خۆیانی لێ دەدزنەوە

بەمەبەستی بیروڕاگۆڕینەوە لەسەر پێویستی دەرچوونی یاسایێک کە بەرپرسانی کوردستان ناچار بکات تا سامانی خۆیان بۆ گەلی کوردستان ئاشکرا بکەن، دەستەی کارگێڕی بەرەی گۆڕان بۆ کۆبوونەوەیەکی فراوان زۆرینەی لایەن سیاسی وپیشەی و ڕێکخراوەNGOکانی بانگهێشت کرد.

کاتژمێر ١٧ی ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو ڕێکەوتی ٢١-٥-٢٠٠٧ لە هەورامان کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد، سەرەتا کاک شوکروڵڵا حەمەدەمین سەرۆکی کاتی بەرەی گۆڕان و سکرتێری حزبی دیموکراسیخوازنی کوردستان بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و مەبەستی کۆبوونەوەکەی خستە ڕوو، دواتر ڕێکار ئەحمەد ئەندامی دەستەی کارگێری بەرەی گۆڕان و سکرتێری حزبی گشتی ڕزگاریی کوردستان لە وتەیەکی کورتدا داوای لە ئامادەبووان کرد کە ڕاشکاوانە راو سەرنجی خۆیان دیار بکەن و لەسەر ئامادەکردنی یاداشتێک بۆ پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆبکەن.

پاشان ژمارەیەک لە نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی سڤیل ڕامانی خۆیان دیار کرد، هەموویان لە قسەکانی خۆیاندا جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە دیاردەی گەندەڵی هەڕەشەیەکی جدییەو کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو نادیاری دەبات، هەندێک پێیانوابوو جگە لە یاداشت پێویستە شاندێک لە نوێنەرانی ئامادەبووانی کۆبوونەکە سەردانی پەرلەمانی کوردستان بکەن و ڕاستەوخۆ یاداشتەکەیان پێشکەش بکەن و نیگەرانی خۆشیان سەبارەت بە ڕەوشەکە پێڕابگەیەنن.

سەرەنجام لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە یاداشتێک ئامادە بکرێ، ئەو لایەنانەی کە دەیانەوێ یاداشتەکە بۆ پەرلەمانی کوردستان بەرز بکرێتەوەو بخوازرێ کە یاسایێکی تایبەت بۆ ئاشکرا کردنی سامانی بەرپرسان دەربچێ وەڵام بدەنەوە، بەڵام لە کۆی ٢٣ حزبی بانگهێشت کراو تەنیا ٣ لایەن هاتبوون، لەوانەی هاتبوونیش تەنیا پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان واژۆی لەسەر یاداشتەکە کرد، نزیکەی ١٠ ڕێکخراویش یاداشتەکەیان ئیمزا کرد.

ئێستا هەوڵدەدرێ کە ئیمزای زیاتر بۆ یاداشتکە کۆبکرێتەوە، چاوەڕوانی وەڵامی پەرلەمانیش دەکرێ تا کاتێک بۆ دیدار دابنرێ و شاندێک سەردانیان بکات و یاداشتەکەیان پێبدات.

لایەنەکانی دەرەوەی دەستەڵات هەموویان نیگەرانی خۆیان لە دیاردەی گەندەڵی و شێوازی سامان کۆکردنەوە دەردەبڕن، بەڵام بۆ کارێکی لەو بابەتە خۆیان دەدزنەوەو نایانەوێ دڵی بەرپرسان بڕەنجێنن.

## ئەردۆگان چرای سەوز بۆ سوپا هەڵدەکات و ئەمریکاش بە نەرێ وەڵامی دەداتەوە

**هەواڵەکان** : ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکوەزیرانی تورکیا لەرێگەی کەناڵیatvی ڕایگەیاند ئەگەر بۆ لەشکرکێشی هەرێمی کوردستان سوپای وڵاتەکەی داوای لێبکات، وەڵامی ئەرێ پێدەدرێتەوە.

ئێوارەی ڕۆژی چوار شەممەی ڕابردوو، ئەردۆگان لە بۆڵتەنی هەواڵەکانی کەناڵیatvدا بەشداری کردو ڕایگەیاند ئەگەر ئەرتەش بە پێویست بزانێ کە هێرش بکرێتە سەر کوردستان، کابینەکەی بە زووترین کات لێکۆڵینەوە لەسەر داواکەی دەکات، ئەگەر پەرلەمانیش بە یاسا هێرشەکەی پەسند کرد، ئەو ڕەزامەندی دەدات و پشتیوانی لێدەکات.

چاودێران قسەکانی ئەردۆگان بە داگیرساندنی چرای سەوز بۆ خواستەکانی سوپا لێکدەدەنەوە، بەڵام دوو ڕۆژ دوای قسەکانی ئەردۆگان، تۆم کەیسی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی دژی هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردستانە، پێشیوایە کێشەی پەکەکە بە هێرشکردن چارەسەر ناکرێ.

تۆم کەیسی لە وتەکانیدا جەختی لەسەر هاوکاری نێوان تورکیا و عێراق بۆ لێدانی پەکەکە کردەوە.

تۆم کەیسی ڕایگەیاند کە ئەوان دەزانن کە پەکەکە مەترسی لەسەر تورکیا هەیە، بەڵام لەو باوەڕەدانین کە ئۆپەراسیۆنی سەربازی بتوانێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکات.

دواتر عەبدوڵڵا گوول وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند کە ئەوان لەم کاتەدا نیازی لەشکرکێشی ناو کوردستانیان نییە.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەندرسۆن ویلسۆن سەر کۆنسوڵگەری ئەمریکا لە شاری ئەدەنەدا لە دیدار لەگەڵ شاندی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک کرد و لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: ئەمریکا پەکەکە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریست دەزانێ، بۆیە ئۆجەلانی ڕێبەری پەکەکە وەکو ڕێبەری گروپێکی تیرۆریست ناوزەد دەکات، بەڵام هەرگیز بە چاوی تیرۆریست لە کوردان ناڕوانێ، دەشیهەوێ تورکیا بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپاوە.


لا ٣
ڕووەکی خەشخاش عێراق بەرەو کارەساتێکی دیکە دەبات

لا ٤
هەمووارکردنی دەستوور لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان دا نیە

لا ٥
سیاسەتی فەرەنسا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانی بەسەردا دێ؟

لا ٦
سەرباری هەرەس بە هیواوە لە داهاتوو دەڕوانم

لا ٧
تارا ڕەسول خەریکی ئەلبوومەکەیەتی


## پیلانەکانی دژی موقتەدا ناکام دەبنەوە

**هەواڵەکان**: دوای ئەوەی ڕۆژنامەی ئیندیپێندت پیلانی هێزەکانی ئەمریکای بۆ کوشتنی موقتەدا سەدرلە کاتی دانوستاندا ئاشکرا کرد، ڕۆژنامەی **مەدینەی** سعودیە بڵاوی کردووە کە ٣ عێراقی بە مەزەندەی ئەوەی کە موقتەدا سەدر لە تاران خۆی حەشارداوە، بەنهێنی ڕەوانەی تاران کراون و هەوڵیانداو شوێنەکەی بدۆزنەوەو بیکوژن،بەڵام دەستگیر کراون.

دوای ئەوەی کە هەردوو پیلانەکەی دژ بە موقتەدا سەدرا ئاشکرابوون، ئەو بێباکانە خۆی پیشانداو ڕۆژی هەینی ڕابردوولە **کوفە** پێشنوێژی بۆ لایەنگرانی خۆی کردو ڕایگەیاند کە ئەوان دەخوازن هێزەکانی ئەمریکا یان لە عێراق بچنە دەرێ یان خشتەی کشانەوەی هێزەکانیان ئاشکرا بکەن.



هەر لەو کاتەدا هێزەکانی بەریتانیا لە بەسرە فەرماندەی سوپای مەهدی وەبەر گوللە دەدەن و دەیکوژن.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە ئیدی موقتەدا هیچ متمانەی بە ئەمریکیەکان نەماوە، ئەگەر پیلانی کوشتنی موقتەدا سەری بگرتبایە ڕەوشی عێراق زۆر خراپتر دەبوو، ڕاپەڕینێکی جەماوەری دژ بە ئەمریکا بەرپا دەبوو.

## سەدان تەرمی بێناسنامە دەدۆزرێنەوە

**هەواڵەکان**: بەپێی کۆکراوەی لێدوانەکانی سەرچاوەکانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە ماوەی ٢٦ ڕۆژی ڕابردوودا زیاتر لە شەش سەد تەرمی بێناسنامە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی عێراق دۆزراونەتەوە.

ڕۆژانە سەرچاوەکانی وەزارەی ناوخۆی عێراق و نەخۆشخانەی شارەکانی بەغداد و موسڵ باس لە دۆزینەوەی تەرمی نەناسراون دەکەن، لە کۆکراوە ژمارەی کوژراوەکاندا، لە سەرەتای ئەم مانگەدا تا دوێنێ زیاتر لە ٦٠٠ تەرمی بێناسنامە دۆزراونەتەوە.

زانیاریەکان شێوازی ئەو کوشتنانە بۆ ترسناکی ئەو شەڕە نێوخۆییەی عێراق دەگێڕنەوە کە بەبەرنامە لە نێوان تایفە و پێکهاتەکانی عێراقدا بەڕێوە دەچێ.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر ژمارەی کوژراوانی شارەکانی عێراق لە ماوەی ئەم مانگەدا کۆبکرێنەوە، ئامارێکی ترسناک پێشان دەدات و ئاشکرا دەکات کە لەم مانگەدا زیاتر لە ٢٧٠٠ کەس کوژراون، ئەمە بێجگە لەو کەسانەی کە بە نهێنی دەکوژرێن و تەرمەکانیان نادۆزرێتەوە، یان تەرمەکانیان ڕەوانەی پزیشکی دادوەری ناکرێ و بە کوژراو تۆمار ناکرێن.

ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەش کۆبکرێنەوە کە ڕۆژانە بە تیرۆریست لە قەڵەم دەدرێن و دەستگیر دەکرێن، دەتوانین بڵێین لەم مانگەدا زیاتر لە سێ هەزار تیرۆریست دەستگیر کراون!!

## ڕۆژەڤ

هاتنی شاندی هاوبەشی میت و وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بۆ بەغداد بەمەبەستی دیدارو دانوستاندن لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق و جێگرەکانی هاوکاتە لەگەڵ کۆکردنەوەی هێزی سەربازی لەسەر سنووری هەرێم، ئەمەش لە کایەیەکی ڕامیاری دووپات کراوە دەچێ، بۆ ترساندنی کوردستانیان و فریودانی گەلانی تورکیا لەسەرو بەندی هەڵبژاردنەکاندا لێدەدرێتەوە.

ئێستا حکومەتی تورکیا لە قەیرانێکی گەورەدا دەتلێتەوە، توانای چارەسەرکردنی تەنگژەکانی نیە، دەشزانی کە هەنووکە حکومەتی ئەمریکای هاوپەیمانی بەهۆی کاودانی نائارامی عێراق و کوژرانی بەردەوامی سەربازەکانیەوە لە ڕەوشێکی ئاوارتەو شلەژاودا دەژی. هێنانە گۆڕێی سیناریۆی ئۆپەراسیۆن بۆ لێدان و لەبێن بردنی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە دەرەوەی سنووری تورکیا شیمانەی دڵنیایی بە تورکەکان نادات و ئەگەری بەرزبوونەوەی زیانەکانی لە ڕۆژەڤدا بەرجەستە دەکات، بەوهۆیەوە یاری چاوشارکێ لەبەرانبەر گەلانی تورکیا و حکومەتی ئەمریکاو هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم بەڕێوە دەبات.

تورکیا بەهۆی ڕەوشی خراپی ئابووری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، قەیران و تەنگژەکانی نێوەخۆی نەک هەر توانای سەرخستنی ئۆپەراسیۆنی نیە، بەڵکو ئەگەری هەڵگەڕانەوەی پێچەوانەی لێدەکات، بەڵام دەیەوێ گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر بەغدادو هەولێر دەکار بکرێ و شان نزمییان پێبکات.

ئێستا ئەرکی دەستەڵاتداران و هێزە سیاسیەکانی کوردستان ئەوەیە کە پێداگری لەسەر خواست و مافە ڕەواکانی کوردستانیان بکەن، لەجاران زیاتر و لێبڕاوانەتر بابەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و بەڕێوەبردنی ریفراندۆم زەقتر بکەنەوە. تەواوی ئەو پێشنیارانە ڕەت بکەنەوە کە بەمەبەستی دواخستنی ریفراندۆم و دروست کردنی هەرێمی کەرکوک بەڕێوەدەچن. لەبەرانبەر هەر گوشارێکی ئەنکارادا دەبێ حکومەتی هەرێم و هێزە کوردستانیەکان دژە گوشار دەکار بکەن و بەربینگ لە پاوانخوازی و خەونی کەڵەگایی ئەنکارا بگرن.

سیناریۆی تەقینەوەی ئەنکارا و تۆمەتبارکردنی ئاسایشی هەرێم و هەڕەشەی تۆڵەکردنەوە نەک هەر خاڵی بەهێزی بەردەستی ئەنکارا نیە، بەڵکو بەهۆی ئاشکرابوونی ناسنامەی خۆکوژەکە و بەدرۆکەوتنەوەی حکومەت، تورکیا ریسەکەی لێ بۆتەوە خوری و بەزیان بۆ سەر بەرژەوەندەکانی خۆی گەڕاوەتەوە، بۆیە دەبێ نوێنەرانی کوردستان لە حکومەتی بەغداد بانگەشە درۆیینەکانی ئەنکارا وەک کارتێکی ریسواکردن و گوشار بەکار بێنن و بە دۆڕاوی ڕەوانەی ئەنکارایان بکەنەوە.

گرنگترین شت ئەوەیە کە نوێنەرانی کوردستان پێشنیاری ڕادەستکردنی کێشەی کەرکوک بە نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند نەکەن، ڕادەستکردنی پەروەندەکە لە کوردستانی بوونی دوور دەکاتەوەو بە زیانی دۆزەکەمان تەواو دەبێ.

## عەرەبەکان دەیانەوێ دوای سێ ساڵ ریفراندۆم لە کەرکوک بەڕێوەبچێ

سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هێزە عەرەبیەکانی عێراق بە پاڵپشتی ئەمریکاو وڵاتانی عەرەبی و تورکیا دەیانەوێ ماددەی ١٤٠ لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ نەکرێ و تا سێ ساڵی دیکەش ڕاپرسی گشتی بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی پارێزگای کەرکوک بەڕێوەنەچێ.

زانیاریەکان ئاشکرا دەکەن کە سەرجەم لیستە عەرەبیەکانی ناو پەرلەمانی عێراق دەیانەوێ لانی کەم تا سێ ساڵی دیکە کەرکوک وەک پارێزگایەکی سەربەخۆ بمێنێتەوەو هەوڵی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و بەیۆەبردنی ریفراندۆم نەدرێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان نوێنەرانی کورد دەیانەوێ ئەگەر ماددەی ١٤٠ دواشبخرێ، دەبێ کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ ڕاپرسی لە کەرکوک بەڕێوەبچێ.

چاودێران پێیانوایە کە ئێستا هەوڵێکی دیبلۆماسی چڕ بۆ خاوکردنەوەی کورد لەسەر چارەنووسی کەرکوک بەڕێوەدەچێ، کوردیش لەبەرانبەر دواخستنی ماددەی ١٤٠ و بەڕێوەبردنی ریفراندۆم نەرمی نواندووەو لە ڕۆژانی داهاتووشدا ئاشکرا دەکرێ. تا ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پێداگری لەسەر دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەمە هێڵی سورەو سازشی لەسەر ناکرێ، بەڵام چاودێران لەوباوەڕوەدان کە ماددەی ١٤٠ دوادەخرێ و کوردیش ڕازی دەبێ.

